
# گێلاسی خوێن ڕۆمانێکی نوێی عەتا محەمەد




## ئاشتی سدیق

گێلاسی خوێن ناوی ڕۆمانێکی نوێی "عەتا محەمەد" کە یانەی قەڵەم لە شاری سلێمانی بە تیراژی (1000)دانە بەچاپی گەیاندووە. ئەم ڕۆمانە ئەزموونێکی نوێی عەتا محەمەدە و ئەو دەیەوێت لە ڕێی ئەم ڕۆمانەوە گەشتێکی فەنتازیانە بەنێو میرنشینی باباندا بکات و بگەڕێتەوە بۆ ئەو مێژووەی کە زۆر بەشی فەرامۆش کراوە.

لەم ڕۆمانەدا مردن وەك کاراکتەرێکی سەرەکی ڕۆمانەکە دەردەکەوێت. هەروەها ئەم ڕۆمانە دەیەوێت دەلاقەیەك بێت بۆ خستنەڕووی خەونی نەمری لای مرۆڤ بەدەستهێنانی.

ئەم ڕۆمانە لەو ڕۆمانانەیە کە لە خوێندنەوەیدا هەست بە چێژێکی زۆر فەنتازیانە دەکەین. خودی عەتاش لە کۆی نووسینەکانیدا بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدات چێژ بۆ خوێنەر دروست بکات و دنیای نوێی بخولقێنێت.